گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/hfc4bc02
ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 15/03/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 25/06/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2025

# ڕۆنانی نادیاریی لە چوارچێوەی وشەی زمانی کوردیدا

**نەوزاد ئەمین محەمەد[١] - شیروان حسین حمد[٢]**
sherwan983@uor.edu.krd - nawzadamin111@gmail.com
[1]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، قەڵادزێ، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

نادیاریی دیاردەیەکی زمانییە، کە لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا هەیە و بەشێوەیەکی فراوان لە زمانی کوردیشدا بەکاردێت، کە بریتییە لە دیارینەکردنی بەشێک یان تەواوی پەیامی قسەکەر بە مەبەستی جۆراوجۆر. مەبەست لەم توێژینەوەیە بەدەستهێنانی زانیاری و تێگەیشتنێکی باشتر و وردترە لە ڕۆڵی نادیاریی لە زمانی کوردیدا، هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو پێکهاتە وشەییانە، کە توانای دەربڕینی واتای نادیارییان هەیە، لە زمانی کوردییدا بەزۆری جەخت لەسەر نادیاریی وەک پرۆسەیەکی سینتاکسی کراوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەم پرۆسەیە لە ئاستی مۆرفۆلۆژییشدا هەیە، لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا، لە ڕێگەی مۆرفیمە سەربەخۆکانی، وەک 'ناو، جێناو، هاوەڵناو، هاوەڵکردار، کردار'ی نادیار دەردەبردرێت. توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری ئەنجامدراوە، کەرەستەی توێژینەوەکەش لە کرمانجیی ناوەڕاست وەرگیراوە.

ئەو گرفتەی ئەم توێژینەوەیە بەدواداچونی بۆ دەکات، ئەوەیە کە لە زماناسی کوردیدا نادیاریی تەنیا پەیوەست کراوە بە کردار و بەشەکانی تر باسیان لێوە نەکراوە. توێژینەوەکە ئامانجیەتی هەمو ئەو وشانە بخاتەڕو، کە چەمکی نادیارییان هەڵگرتوە و بەو ئەنجامە گەیشتوە، کە هەریەك لە ناو و جێناو و هاوەڵناو وەك بەشە ئاخاوتن و وشەی سەربەخۆ هەڵگری چەمکی نادیارییان هەڵگرتوە. کە بەشێك لە چەمکەکە لەڕێگەی واتای وشەکە خۆیەوە دەبێت یان لەڕێگەی وەرگرتنی گیرەك و نوسەکەوە دەبێت، بەکارهێنانی هەریەك لەم پۆلە وشانە بەمەبەست یان بێ مەبەست ئەم چەمکەیان پێ دەگەیەنرێت.

**وشە کلیلەکان:** نادیاریی، نادیاریی مۆرفۆلۆژیی، وشەی فۆرم نادیار، وشەی واتا نادیار.

# Indefiniteness Constructions Within the Framework of Kurdish Language Vocabulary

**Nawzad Amin Muhammed[1] - Sherwan Hussein Hamad[2]**

[1]Department of Kurdish language, College of Education University of Raparin, Qaladze, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of Kurdish language, College of Basic Education, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

Indefiniteness is a linguistic phenomenon that exists in most languages of the world and it`s generally used in the Kurdish language well. It consists of not specifying some or all aspects of the speaker`s statement for various purposes. The purposes of this research are to gain better and more detailed knowledge and understanding of the role of indefiniteness in the Kurdish language, as well as identifying those structure and expressions that have the ability to express the meaning of indefiniteness in Kurdish. Much emphasis has been placed on indefiniteness as a syntactic process in the Kurdish language, but in reality, this process also exists at the morphological level. At the morphological level indefiniteness is expressed through independent morphemes such as pronouns, demonstratives, adjectives, adverbs, and indefinite verbs. The research has been conducted according to the descriptive analysis method, and the representative material has been from middle Kurdish.

The problem this research investigates is that in Kurdish linguistics, indefiniteness has only been associated with verbs while other parts of speech have not been discussed. The research aims to identify all words that carry the concept of indefiniteness and has concluded that nouns, pronouns, and adjectives as parts of speech and independent words carry concepts of indefiniteness. Part of this concept is conveyed either through the meaning of the word itself or through the addition of affixes and clitics. The use of each of these word classes, whether intentionally or unintentionally, conveys this concept.

**Keywords:** Indefiniteness, Morphological Indefiniteness, Indefinite Form Words, Indefinite Semantic Words.

## پێشەکی

### 1/0: ناونیشانو بواری توێژینەوەکە

توێژینەوەکە بەناونیشانی (ڕۆنانی نادیاریی لە چوارچێوەی وشەی زمانی کوردیدا)یە، لە توێژینەوەکەدا هەوڵی ناساندنی ڕۆنانی نادیاریی لە چوارچێوەی وشەی زمانی کوردییدا دەدرێت و دەچێتە بواری وشەسازییەوە.

### 2/0: پرسیار و گریمانەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بە دوای گریمانەی بونی نادیاریی لە ئاستی وشەدا بچێت، دەیەوێت وەڵامی پرسیاری ئەوە بداتەوە، کە ئایا نادیاریی لەیەک ئاستی زمان کار دەکات؟ ئایا نادیاریی هەر ئەو شێوەیە دەگرێتەوە، کە ئاستی سینتاکسی تەنیوە و لەو بوارەدا ماوەتەوە؟ کام جۆری وشە دەتوانێت چەمکی نادیاریی بدات؟ ئەو وشانەی کە چەمکی نادیارییان هەیە، لەڕێگەی فەرهەنگەوە یان بە پرۆسەی وشە دارشتن ئەم چەمکە وەردەگرێت؟

### 3/0: ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی پرۆسەی نادیارییە لە ئاستی وشەدا، بۆئەوەی ئەوە پیشان بدەین، کە نادیاریی تەنها پرۆسەیەکی سینتاکسی نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی مۆرفۆلۆژیشەوە ئەنجام دەدرێت.

### 4/0: ڕێبازی توێژینەوەکە

ئەم ڕێبازەی لەم توێژینەوەیەدا پشتی پێبەستراوە، ڕێبازی وەسفی شیکارییە.

### 5/0: سنور و کەرەستەی توێژینەوەکە

نمونەی قسەکردنی زمانی ڕۆژانەی کرمانجی ناوەڕاست کەرەستەی تویژینەوەکەیە و سنوری لە چوارچێوەی زمانی کوردی و ئاستی وشەیە.

### 6/0: گیروگرفتی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ چارەسەرکردن و یەکلاییکردنەوەی گرفتی پۆلێنکردنی نادیاریی و هەڵاوێرکردنی لە زمانی کوردیدا، یەکێك لەو گرفتانەی هاتۆتە بەردەم توێژینەوەکە، ئەوەیە کە تاوەکو ئێستا کراوە پێشتر وەکو بابەتێکی سینتاکسی قسەی لەسەرکراوە، کەمتر لە ئاستەکانی تری زماندا، لا لەم گرفتە کراوەتەوە، تەنانەت لە زۆربەی زمانەکانی دیکەشدا، نادیاریی وەکو بابەتێکی سینتاکسی قسەی لەسەر کراوە، بەڵام ئێمە ویستومانە هەندێك لایەنی نادیاریی لە ئاستی مۆرفۆلۆژیی دەربخەین.

### 7/0: ناوەڕۆک و بەشەکانی توێژینەوەکە

ئەم تویژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی باسەکە بە هەر دو زمانی کوردی و ئینگلیزی، لە دو بەش پێکهاتوە:

بەشی یەکەم: بە ناونیشانی (نادیاریی هۆکارەکانی پەنابردنەبەر و ڕونکردنەوە)یە، چەند باسێکی تیۆری لەبارەی چەمك و پێناسە و زاراوەی نادیاریی خراوەتەڕو، هەروەها هۆکارەکانی پەنابردنەبەر نادیاریی وەکو (ڕێزگرتن، جوانکردن، شاردنەوە، ترس و لێپرسینەوە، وشە تابۆکان) خراونەتەڕو، پاشان ڕێگاکانی ڕونکردنەوەی نادیاریی وەکو (دەق، دەوروبەر، کلتور، دیارخەرەکان، زانیاری هاوبەش) خراونەتەڕو.

بەشی دوەم: بە ناونیشانی (ڕۆنانی نادیاریی لە چوارچێوەی وشە)دایە، لە ئاستی مۆرفۆلۆژی لە چوارچێوەی وشەدا (وشەی فۆرم نادیار و چەمك یان واتا نادیار) خراونەتەڕو، پاشان پۆلێنکردنی وشەی نادیاریی وەکو (ناو، جێناو، هاوەڵناو و جۆرەکانی، هاوەڵکردار، کردار)ی نادیاریی خراونەتەڕو و لایەنی چەمکی نادیارییان پیشاندراوە.

## 1) بەشی یەکەم: نادیاریی هۆکارەکانی پەنابردنەبەر و ڕونکردنەوە

### 1-1: نادیاریی چییە؟

بۆئەوەی لە چییەتی نادیاریی لە زماندا تێبگەین، پێویستە لە گۆشەنیگای جیاجیا باسی بکەین:

### 1-1-1: زاراوەی نادیاریی Terms of indefiniteness

مەبەست لە زاراوەی نادیاریی ئەو وشە و دەستەواژانەن، کە بۆ ئەم دیاردەیە دانراون، بۆیە لێرەدا زاراوەی نادیاریی لە زمانی کوردی و زمانە جیاوازەکانی تردا دەخەینەڕو:

زاراوەی نادیاریی لە زمانی کوردیدا "ناوێکی واتاییە و لە (پێشگر+هاوەڵناو+پاشگر) دروستبوە" 'ڕەسوڵ، 2017، 95'، سەبارەت بەم زاراوەیە هەر نوسەرە و ناوێکی بۆ داناوە وەك: "ون" 'أمين، 1956، 37'، "نەزانراو" 'احمد، 1976، 227'، "نادیاریی" 'قادر، 2000، 108'، "بزر" 'لیژنەی زمان، 2011، 115'، "دیارینەکراو" 'تۆفیق، 2012، 49'. ئێمە زاراوەی نادیاریی لەم توێژینەیەدا بە پەسند دەزانین، چونکە لە هەمو زاراوەکانی تر گشتگیرترە. لە زمانی ئینگلیزیشدا چەند زاراوەیەکی جیا جیا بۆ نادیاریی بەکارهاتون وەکو: "Indefiniteness" 'Abbott, 2006, 122'، "Indefinite" 'Hornby, 2005, 789' "Indeterminate"، 'Pearsall, 2001, 719' "uncertain"'Trask, 1992, 138'، "vagueness" 'Crystal, 2008, 507'.

زاراوەی سەرەکی لە زمانی فارسیدا مجهولە، بەڵام چەند زاراوەیەکی تر بۆ نادیاریی لەم زمانەدا بەکاردەهێنرێن وەك "ابهام" 'شقاق، 1394، 18'، "نکره، نامعین" 'شاد، 1389، 33'، "ناشناخته، نامعلوم" 'معين، 1381، 1640'، زاراوەی نادیاریش لە زمانی عەرەبیدا "مجهول" 'بن فارس، 1429، 178'، "غمض" 'الجوهری، 1429، 114'، "مبهم" 'البغا و مستو، 1418، 125'ی بۆ بەکارهاتوە، ئێمە زاراوەی نادیاریی لە زمانی کوردیدا بەرانبەر ' indefiniteness, indefinite'ی ئینگلیزی و 'مبهم/مجهول'ی عەرەبی و 'مجهول'ی فارسی بەکاردەهێنین.

### 2-1-1: چەمکی نادیاریی Concept of indefiniteness

نادیاریی دیاردەیەکی زمانییە، کە تێیدا وشە و ڕستە یان دەربڕینێك لای گوێگر ڕون و ئاشکرا نییە، ئەم دیاردەیە بەشێکی سروشتی و گرنگە لە پرۆسەی پەیوەندیکردن لەنێوان مرۆڤەکاندا، لەبەرئەوەی نادیاریی 'چەمکێکە دەتوانرێت بۆ شاردنەوە بەکاربهێنرێت، چونکە چەمکێك دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ شاردنەوەی ڕاستی و نیشانەی بەهای هەڵسانگاندنێك، کە پەیوەندی بەو ڕاستەقینەوە نییە، کە ئاماژەی بۆکراوە 'Macagno and Walton, 2014, 94'، واتە کاتێک دروست دەبێت، کە واتا و مەبەست نادیاربێت یان نادیاربکرێت.

ئەم چەمکە لە زمانی کوردیدا دەرکەوتەیەکی بەرچاوی هەیە و لە ئاستە جیاوازەکانی زماندا لە 'وشە، ڕستە، واتا'دا دەردەکەوێت، توێژینەوە لەم دیاردەیە وادەکات تێگەیشتنی باشتر لە سروشتی زمان و چۆنیەتی بەکارهێنانی لە پەیوەندیکردندا هەبێت. لەلایەکی ترەوە چەمکی نادیاریی لە زماندا ئاماژە بە شتێکی گشتی نەك تایبەت دەکات، قسەکەر مەبەستی نییە یان ناتوانێت بە تەواوی دیاری بکات، واتە بۆ گوێگر یان خوێنەر ناسراو نییە، زانیاریی لەبارەوە نەدراوە یان پێویست نییە، لەبەرئەوەی 'ئەو سنورانەی پەیوەسن بە چەمکە نادیارییەکان ناتوانرێت بزانرێت، چونکە بنەمای گشتی پێشێل دەکەن' 'Williamson, 1998, 8'، بە واتایەکی تر کاتێک قسەکەر باس لە شتێک یان کەسێک دەکات بەبێ ئەوەی بیەوێت یان بتوانێت بە تەواوی دیاری بکات، چونکە دەتوانێت بۆ مەبەستی جیاواز بەکاربێت، وەک پاراستنی نهێنی، ترس، شەرم، جوانکردن، ...هتد، کەواتە دەتوانین چەمکی نادیاریی کورت بکەینەوە لە نادیاریی بەمەبەست و شاردنەوەی بەشێك لە چەمکی گشتیی وشەکە.

### 3-1-1: پێناسەی نادیاریی Definition of indefiniteness

زمانەوانان و توێژەران لە ڕوانگەی جیاوازەوە سەیری ئەم دیاردەیەیان کردوەو هەریەکە بەپێی تێڕوانین و مەبەستی خۆی پێناسەی جیاوازی بۆ کردوە، لێرەدا گرنگترین و بەرچاوترین پێناسەکان دەخەینەڕو:

- نادیاریی: بریتییە لە هەر دەربڕینێك، کە بە نارِونی و نائاشکرایی بێت.'ڕەسوڵ، 2017، 97'، واتە مەبەست لە شێوازی گوزارشتکردن و دەربڕینە، کە ڕاستەوخۆ ڕون نییە، واتە کاتێك کەسێك قسەیەك یان شتێك دەڵێت، بە شێوەیەك دەیڵێت، کە مەبەستەکەی تەواو ئاشکرا نییەو لەوانەیە بە چەند شێوەیەك لێکبدرێتەوە.

- نادیاریی: بریتییە لە ئاماژەنەکردن بە تاکێك یان کۆمەڵێك تاك، کە دەتوانرێت بناسرێتەوە یان ئاماژە بە ئاماژەکراوێك نەکات.'Matthews, 2003, 1492'، مەبەست لەوەیە، نادیاریی کاتێک ڕودەدات، کە هیچ ئاماژەیەکی تایبەت بە تاکێک یان گروپێک نەبێت، کە بتوانرێت دەستنیشان بکرێت، واتەکاتێك باسی کەسێك یان شتێك دەکەین بەبێ ئەوەی بە دیاریکراوی ئاماژەی پێ بکەین.

- نادیاریی: ئەو کردارەیە، کە ئەنجامدەری کردارەکە تێیدا دیار نییە و بەرکاری ڕستەی دیار لە ڕستەی نادیاردا دەبێتە بکەر.'ارژنگ، 1374، 98'، ئەم پێناسەیە زیاتر تیشك دەخاتە سەر نەبونی ئەنجامدەری کار و گۆڕینی پێگەی بەرکار بۆ بکەر.

- نادیاریی: نەدرکاندنو نەگوتنی ناوێکە یان ژمارەیەکە یان کاتێکە یان شوێنێکە. 'مالك، 1426، 9'، شاردنەوەی زانیاری واتە نەدرکاندنی بەشێک لە زانیارییەکان، وەك (ناو، ژمارە، کات، شوێن)، کە دەشێت ئەم شاردنەوەیە بەبی مەبەست، یان بە مەبەست بکرێت.

لە ڕوانگەی ئەم پێناسانەی، کە لە زمانی کوردی و زمانانی تر خراونەتەڕو، دەتوانین بڵێین نادیاریی دیاردەیەکی زمانییە، هەمو ئەو وشەو فرێزو ڕستانە دەگرێتەوە، کە واتایەکی نادیاریان هەیە، کە تێیدا بەشێك لە پەیامەکە یان زانیارییەکان بە ئەنقەست یان بە ناچاری بە نادیاریی دەمێننەوە.

### 2-1: هۆکارەکانی پەنابردنە بەر نادیاریی

هۆکارەکانی پەنابردنە بەر نادیاریی لە زماندا، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە شێوازی بیرکردنەوەو گوزارشتکردنی بەکارهێنەرانی زمانەوە هەیە، لەبەرئەوەی دەرخەری کۆمەڵێک هۆکاری دەرونی، کۆمەڵایەتی و کلتوریشە، قسەکەران لە زۆر بارودۆخدا پەنا دەبەنەبەر نادیاریی، جا چ بە مەبەست یان بەبێ مەبەست بێت، هەندێک جار بۆ پاراستنی ئاداب و نەریتی کۆمەڵایەتی، هەندێک جاریش بۆ دورکەوتنەوە لە بەرپرسیارێتی یان خۆلادان لە دیاریکردنی کەس و شتی تایبەت، لەم بەشەدا، تیشک دەخەینە سەر ئەو هۆکارە جۆراوجۆرانەی، کە وا لە بەکارهێنەرانی زمان دەکەن پەنا بۆ نادیاریی ببەن.

### 1-2-1: ڕێزگرتن Politeness

یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی پەنابردنەبەر نادیاریی لە زماندا پەیوەستە بە ڕێزگرتن، چونکە دیاریدەی ڕێزگرتن"کۆمەڵێك ستراتیژە بۆ بنیادنان و گۆڕینی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان بەکاردێت" 'Green, 1996, 147'، لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا ڕێزگرتن وەك بەهایەکی گرنگی کۆمەڵایەتی و کلتوری سەیر دەکرێت، بەکارهێنانی نادیاریی یەکێکە لەو میکانیزمە زمانییانەی، کە قسەکەر پەنای بۆ دەبات بۆ دەربڕینی ئەم ڕێزگرتنە، لەم ڕوانگەیەوە نادیاریی وەك ئامرازێکی نەرم و ناڕاستەوخۆی گوزارشتکردن بەکاردێت، لەبەرئەوەی"لە هەمو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ هێنانەکایەی بارێکی دەرونی هاوسەنگ و پەیوەندییەکی هاوڕێیانە لەنێوان بەشداربوانی ناو پەیوەندییەکاندا بەکاردەهێنرێت" ' Leech,

1983, 82'، کە یارمەتی قسەکەر دەدات خۆی لە دەربڕینی ڕاستەوخۆ و ڕەق بپارێزێت، ئەمەش بەتایبەتی لەو بارودۆخانەدا گرنگە، کە پەیوەندی بە کەسانی بەتەمەنتر، خاوەن پێگە کۆمەڵایەتییەکان، یان بابەتە هەستیارەکانەوە هەیە.

بۆیە لە زۆر کلتوردا کاتێك دەمانەوێت ڕەخنە لە کەسێك بگرین یان داوای شتێك بکەین پەنا دەبەینەبەر شێوازی نادیاریی بۆ ئەوەی هەستی بەرانبەر نەڕوشێنین و ڕێزی پێگەی کۆمەڵایەتی بپارێزین، کە تێیدا قسەکەر بە ئەنقەست فۆرمی نادیاریی بەکاردەهێنێت، سەرەڕای ئەوەی کە دەزانێت کێ یان چی باس دەکات، کە لە گفتوگۆی فەرمی و نوسینی ئەکادیمی و میدیا و ڕاگەیاندن و دانوستانە سیاسییەکاندا بەکاردەهێنرێت، یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە دەبێتە هۆی دروستکردنی کەشێکی گونجاو بۆ گفتوگۆ و ڕێگری دەکات لە دروستبونی ناکۆکی و ناتەبایی. بۆ نمونە:

- تکایە، بەڕێز مامۆستا ئازاد. لێرەدا وشەی (تکایە) بەکارهاتوە وەك هۆکارێك بۆ ڕێزگرتن و پەنابردن بۆ نادیاریی، واتا قسەکەر نایەوێت ڕاستەوخۆ داوای شتێك بکات و لەجیاتی ئەوە پەنا دەباتەبەر وشەی (تکایە)، کە مەبەستەکەی نادیارە.

- ئەگەر زەحمەت نەبێت، دەرگاکە بکەرەوە. (ئەگەر زەحمەت نەبێت) نادیارە لەبری فەرمانی (دەرگاکە بکەرەوە) بەکارهاتوە، کە قسەکەر بە شێوازێك داوای کردنەوەی دەرگاکە دەکات، کە ڕێزێکی تێدا بەکارهێناوە و نادیارە.

### 2-2-1: جوانکردن Euphemism

جوانکردن شێوازێکی زمانییە، کە خەڵك لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدوایدا دەگەڕێن، بۆیە جوانکردن 'وشەیەك یان دەستەواژەیەك یاخود شێوازێکی پەیوەندیکردنە، لە بارودۆخێکی دیاریکراودا بۆ شاردنەوەی شتی هەستیار و ناخۆش و تابۆ بەکاردێت' 'Ren and Yu, 2013, 46'، لەبەرئەوەی دەتوانێت بابەتە هەستیار و ناخۆش و تابۆکان بەلاوە بنێت و لە جیات ئەوان بەکاربێت، کە قسەکەران بە ئەنقەست نادیاریی هەڵدەبژێرن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتگەلێکی هەستیار یان نائارام لە پەیوەندیکردندا، خەڵک کاتێک پێویستیان بە باسکردنی ئەو بابەتانە هەیە، کە ڕەنگە لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی خۆیاندا بە تابۆ یان بابەتێکی سۆزداری هەژمار بکرێن، بۆ ئەم مەبەستە ڕو لە دەربڕینی جوانکردن دەکەن، چونکە وشە و دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆ لە جیات وشە و دەربڕینێکی ڕاستەوخۆ بەکاردێت، کاتێك باسی شتێکی ناخۆش یان شەرمهێنەر دەکرێت.

جوانکردن وەك دیاردەیەکی زمانی، نەك تەنیا ئەو دەربڕینانە لەخۆدەگرێت، کە ئەندامانی کۆمەڵگە پەسەندیان کردوە، بەڵکو ئەو شێوازە پەیوەندییانە لەخۆدەگرێت، کە خەڵك لە ژینگەی تایبەتدا پەیڕەوی دەکەن، چونکە'چاوخشاندنە بە جوانکردنی قسەکردن و باشکردنی، بەجۆرێك لێکچونێك لەنێوان وشەکاندا دروست دەکات بەکاریگەری واتایەکی شاراوە، بەهۆی وشەسازی هاوبەشی نێوانیان' 'المرغی، 1411، 9-10'، لەبەرئەوەی بەکارهێنانی جوانکردن بەپێی (ڕەگەز، تەمەن، پێگەی کۆمەڵایەتی و پیشە و ...هتد)ی ئەندامانی کۆمەڵگە دەگۆڕێت و لایەنە جیاوازەکانی کلتوری کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت. بۆ نمونە:

- کەسێک هەیە لە دڵمدا، لەجیاتی ناوی کچەکە. (کەسێك) نادیارە، لەبری ناوی کچێك بەکارهاتوە وەك جوانکردن بەشێوەیەکی نادیار.

- چرای ڕێگاکەم، تۆ هەمیشە کەسێکی باشیت. (چرای ڕێگاکەم) نادیارە، بەرانبەر دەکاتە ڕوناککەرەوەی ڕێگا و چارەسەری کێشەکان، کە لە جیاتی ناوی کەسێك بەکارهاتوە بەشێوەیەکی نادیار.

### 3-2-1: شاردنەوە Concealment

مرۆڤ لە زۆر بارودۆخی جیاوازدا هەوڵ دەدات بکەری کردار یان ئەنجامدەری کردارێك بشارێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پەنا دەباتەبەر شێوازی نادیاریی، چونکە بەکارهێنانی نادیاریی 'کاریگەری لەسەر بونی واتا دەبێت بە شاردنەوەی ناسنامەی ئەنجامدەری کردارەکە' 'Almahameed and et all, 2022, 1196 '، پەنابردنەبەر نادیاریی بۆ شاردنەوە چەندین هۆکاری لە پشتە، لەوانە: نەزانینی بکەری ڕاستەقینە، نەویستنی ئاشکراکردنی بکەر بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکان، یان خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی، هەروەها لە هەندێك باردا شاردنەوەی بکەر دەبێتە هۆی چڕکردنەوەی سەرنج لەسەر کردارەکە یان ئەنجامەکەی.

ئەم دیاردەیە بەتایبەتی لە زمانی ڕاگەیاندن، سیاسەت و بواری یاساییدا زۆر بەرچاوە، کە تێیدا شاردنەوەی بکەر دەبێتە ستراتیژییەکی زمانی بۆ گەیشتن بە مەبەستی دیاریکراو، کە تیایدا قسەکەر فۆڕمی نادیاریی بەکاردەهێنێت بۆ پاراستنی نهێنی و دورکەوتنەوە لە بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆ و پاراستنی کەسانی تر لە ئاشکرابون و دورکەوتنەوە لە کێشە، هەروەها بەکاردەهێنرێت لە گفتوگۆی ڕۆژانە و میدیا و ڕۆژنامەگەری و سیاسەتدا. بۆ نمونە:

- ترەمپ: بەم نزیکانە لەگەڵ ئێران شتێك ڕودەدات، جیهان لە ساتێکی سەرنجڕاکێشی مێژودایە. (Speda,08/03/2025, 11:25 AM)، باری نادیاریی لە وشەی 'شتێك' دایە، کە نازانرێت مەبەست چییە، قسەکەی ترەمپ گشتییە و دیار نییە باس لە چ جۆرە ڕوداوێك دەکات، بەکارهێنانی 'بەم نزیکانە' کاتێکی دیاریکراو نادات بە دەستەوە.

- بەتۆمەتی تەقەکردن و هەڕەشەکردن و جنێودان و هەڵکوتانەسەر ماڵێك چوار تۆمەتبار دەستگیرکران. ( Gali Kurdistan, 09/03/2025, 07:50 PM)، ژمارەی تۆمەتباران دیاریکراوە (چوار کەس)، تۆمەتەکان دیاریکراون (تەقەکردن، هەڕەشە، جنێودان، هەڵکوتانە سەر ماڵ)، بەڵام ناوی تۆمەتباران و شوێنی ڕوداوەکە و زانیاری وردتر نەدراوە و دیار نییە.

### 4-2-1: ترس و لێپرسینەوە Fear and accountability

ترس و لێپرسینەوە دو هۆکاری سەرەکین،کە زۆرجار مرۆڤەکان بەرەو نادیاریی دەبەن، کاتێک مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕوبەڕوی بارودۆخێکی سەخت دەبێتەوە یان هەست بە مەترسی دەکات لە ئەنجامدانی کارێک، هەوڵدەدات خۆی لەو بارودۆخە بدزێتەوە و پەنا بۆ شتی نادیار ببات، بۆیە ترس "هەڵچونێکی دەرونییە بەهۆی کاردانەوەی ڕوداوێك دروست دەبێت" 'عمر و صالح، 2022، 50'، ترس لە شکست و لێپرسینەوە وا لە مرۆڤ دەکات متمانە بە خۆی لەدەست بدات و نەتوانێت بە ئازادی بیر لە چارەسەرە لۆژیکییەکان بکاتەوە، لەم کاتەدا هەندێک کەس پەنا دەبەنەبەر نادیاریی، بە هیوای دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بۆ کێشەکانیان.

مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا بونەوەرێکی هەستیارە و هەمیشە مەیلی بەرەو دڵنیایی و ئارامی هەیە، کاتێک ڕوبەڕوی بارودۆخێکی نائارام یان مەترسیدار دەبێتەوە، هەوڵدەدات بە هەر شێوەیەک بێت خۆی لەو دۆخە ڕزگار بکات، لەبەرئەوەی 'لێی دەترسێت، لێرەدا دەزانێ، کە ئەنجامدەری کارەکە کێییە، بەڵام ناوی ناهێنیت نەبادا دوایی ئازاری بدات' 'خۆشناو، 2014، 78'، ترس وەک هێزێکی کاریگەر دەردەکەوێت و دەبێتە پاڵنەرێک بۆ گۆڕینی ئاراستەی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی مرۆڤ، لێپرسینەوەی کۆمەڵایەتی و فشاری دەوروبەر ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە دروستکردنی ئەم ترسەدا، ئەمەش وا دەکات هەمیشە لە ژێر فشاری دەرونیدا بژی و ترسی هەبێت لە هەڵە یان شکست، ئەمەش زیاتر لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا و دۆخە سیاسییە هەستیارەکاندا بەکاردێت. بۆ نمونە:

- دەزگایەکی پەیوەندیدار لەجیاتی ئاسایش. (دەزگایەکی پەیوەندیدار) چەمکێکی نادیارە، چونکە ناوی دەزگاکە ڕاستەوخۆ نەهاتوە، دەکرێت هۆکارەکەی ترس بێت، چونکە قسەکەر/نوسەر نەیویستوە ناوی دەزگاکە بهێنێت لەبەر مەترسی لێپرسینەوە.
- ئەوانەی دەسەڵاتیان هەیە لەجیاتی بەرپرسان. (ئەوانەی دەسەڵاتیان هەیە) چەمکێکی نادیارە، چونکە ئاماژە بە کەسانێکی دیاریکراو نەکراوە، کە هۆکارەکەی ترسە، دەربڕینێکی خۆپاراستنە بۆ دورکەوتنەوە لە لێپرسینەوە.
هەرچەندە (دەزگای پەیوەندیدار، ئەوانەی دەسەڵاتیان هەیە) لە وشە گەورەترن، بەڵام ئێمە وەك هۆکارێك بۆ ڕونکردنەوەی مەبەست لە لایەنی تیۆریدا بەکارمان هێناوە.

### 1-2-5: وشە تابۆکان Taboo words

تابۆ بریتییە لە "سەرجەم ئەو دەربڕینە زمانیانەی، کە لەڕوی کۆمەڵایەتی و کلتوریەوە دەربڕینیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ شیاو نییە، ئەمەش لەلایەك بەهۆی وابەستەبونیان بە ئۆرگانەکانی ئادەمیزادەوە یان کردە سیکسیەکان یان نەخۆشی و شتە شومەکان، لەلایەکی تریشەوە وابەستەیی دەربرینەکانە بەبابەت و شوێنە پیرۆزەکانەوە" 'فەرەج، 2011، 59'، لەبەرئەوە لە هەر کۆمەڵگایەکدا کۆمەڵێک وشە و دەستەواژە هەن، کە بە تابۆ دادەنرێن و قسەکردن لەسەریان بە شتێکی قەدەغەکراو یان نەشیاو دادەنرێت، ئەم وشە تابۆیانە بەشێکی گرنگن لە کلتوری کۆمەڵگا و کاریگەرییەکی قوڵیان لەسەر بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی تاکەکان هەیە.

کاتێک کۆمەڵگا هەندێک بابەت و وشە بە تابۆ دادەنێت، خەڵک ناچار دەبن لە ڕێگەی نادیار و ناڕاستەوخۆوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتانە بکەن، چونکە تابۆ 'مەبەست لە سەرجەم ئەو دەربڕینە زمانیانەن، کە دەربڕینیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە لەڕوی کۆمەڵایەتی و کلتوریشەوە شیاو و ڕێگە پێدراونییە' 'شەمس، 2018، 142'، ئەم دۆخە وا دەکات، کە خەڵک نەتوانن بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ باسی کێشەکانیان بکەن و چارەسەری زانستی و لۆژیکی بۆ بدۆزنەوە، لە ئەنجامدا پەنا دەبەنەبەر ڕێگەی نادیار بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بابەتانەی، کە بە تابۆ دادەنرێن، دیاردەی وشە تابۆکان یەکێکە لە دیاردە کۆمەڵایەتی و زمانییەکان، کە بەردەوام کاریگەریی لەسەر شێوازی دەربڕین و گفتوگۆی خەڵك هەیە، کە زیاتر لە گفتوگۆی ڕۆژانە و میدیا و ڕاگەیاندن و لە نوسینی ئەدەبیدا بەکاردەهێنرێت. بۆ نمونە:
- دەردەکە لەجیاتی شێرپەنجە. نادیارییەکە لە بەکارهێنانی وشەی (دەرد)دایە، وشە تابۆکە (شێرپەنجە)یە خەڵك بۆ دورکەوتنەوە لە وشەی (شێرپەنجە)، کە ترس و نیگەرانی دروست دەکات، وشەی (دەرد) بەکاردێنن.
- کاری نەشیاو لەجیاتی دەستدرێژی سێکسی. نادیارییەکە بەکارهێنانی دەستەواژەی (کاری نەشیاو)ە، وشە تابۆکە (دەستدرێژی سێکسی)، کە بەهۆی هەستیاری کۆمەڵایەتی و کلتوری، خەڵك (کاری نەشیاو) بەکاردێنن بۆ دورکەوتنەوە لە وشەی ڕاستەوخۆ. هەرچەندە (کاری نەشیاو) لە وشە گەورەترە، بەڵام ئێمە وەك هۆکارێك بۆ ڕونکردنەوەی مەبەست لە لایەنی تیۆریدا بەکارمان هێناوە.

### 1-3: ڕێگاکانی ڕونکردنەوەی نادیاریی

مەبەست لە ڕێگاکانی نادیاریی، هەمو ئەو هەلومەرج و کەرەستە و بارودۆخە زمانی و نازمانیەیە، کە تێیدا ئەو چەمك و کەرەستانەی کە نادیارن ڕوندەکرێنەوە، بە واتایەکی تر کۆمەڵێك ڕێگە و شێوازمان لەبەردەمدایە بۆئەوەی ئەو چەمکە نادیارییەی، کە هەیە پێی ڕونبکرێتەوە، لێرەدا بە کورتی هەندێکیان دەخەینەڕو:

### 1-3-1: دەق Text

پێکهاتە و ناوەڕۆکی دەق ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە دیاریکردن و تێگەیشتنی واتا نادیارەکان، لەبەرئەوەی "یەکەیەکی سیمانتیکییە پەیوەندی بە فۆڕمەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەواتاوە هەیە، چونکە لەوانەیە دەق نوسراو، نەنوسراو، پەخشان، شیعر، گفتوگۆ یان مەنەلۆگ بێت" 'علی، 2014، 86' ئەمانەش دەتوانن واتای زیاتر و ڕونتر بدەن بە وشە و دەستەواژە نادیارەکان، دەق وەك چوارچێوەیەکی گشتگیر لە کۆمەڵێك ڕستە و پەرەگراف پێکهاتوە، کە پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە و یەکتر تەواو دەکەن، ئەم پەیوەندییە بەهێزە وا دەکات، کە وشەو دەستەواژە نادیارەکان لە ڕێگەی پەیوەندییان بە بەشەکانی تری دەقەوە واتایان ڕون ببێتەوە، چونکە دەق "بۆ ئەو پارچە ئاخاوتنە (گوتن/نوسین)ە بەکاردێت، کە پارچەیەکی یەکگرتوی پیکهێنابێت، بێ ئەوەی درێژی و کورتییەکەی لەبەرچاو بگیرێت" 'تۆفیق، 2002، 41'، هەروەها سروشتی یەکگرتوی دەقو پەیوەستبونی بەشەکانی بەیەکەوە، وا دەکات خوێنەر بتوانێت لە ڕێگەی تێگەیشتن لە پەیامی گشتیی دەقەکەوە، واتای ئەو بەشانە بدۆزێتەوە، کە لە سەرەتادا نادیار دەردەکەون.

بەم شێوەیە دەق دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ڕونکردنەوەی نادیاریی و یارمەتی خوێنەر دەدات لە گەیشتن بە واتا ڕاستەقینەکان، ئەمە پرۆسەیەکە، کە تێیدا خوێنەر یان شیکەرەوە هەوڵدەدات مەبەست و واتای شاراوەی بەشە نادیارەکانی دەقێک ئاشکرا بکات، بەمەبەستی دەرخستنی واتای شاراوە و مەبەستی نوسەر لە پەیامی سەرەکی دەقەکە.

بۆ نمونە:

- 'ئەو کتێبەکەی برد.'

لێرەدا نادیارییەك هەیە، چونکە نازانین 'ئەو' کێیە؟ نازانین کام کتێب براوە؟ کەی براوە؟ تەنها لە ڕێگەی دەقێکی درێژترەوە ئەم نادیارییە چارەسەر دەبێت، وەك:

- دوێنێ ئێوارە، ئارام هاتە ژورەکە. ئەو کتێبە کوردییەکەی، کە لەسەر مێزەکە بو بردی بۆ کتێبخانەکە. لە ڕێگەی ئەم دەقە درێژەوە واتای ڕون بوەتەوە، چونکە ئێستا دەزانین ئەو 'ئارام'ە، کتێبێکە 'کتێبی کوردی'یە، هەروەها کاتەکەش ڕونترە 'دوای هاتنە ژورەکە'

## 2-3-1: دەوروبەر Context

دەوروبەر لە گرنگترین هۆکارەکانی ڕونکردنەوەی نادیارییە لە زماندا، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە دیاریکردنی واتاکان، لەبەرئەوەی "سەرجەم ئەو هەلومەرجە زمانی و نازمانیانەیە، کە یاریدەی ڕونکردنەوەی واتای دەربڕاوێکی زمانی لە چوارچێوەی دەقێکی دیاریکراودا دەدات" 'محەمەد، 2010، 51'، کاتێك وشەو دەستەواژەکان لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێن، دەوروبەر وەك چوارچێوەیەك کار دەکات بۆ دیاریکردن و ڕونکردنەوەی واتای نادیار، ئەمەش لە ڕێگەی کۆمەڵێك توخمەوە دەبێت، کە پێکەوە لە ئاخاوتن و شوێن و کاتی قسەکردن و پەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگر یارمەتیی تێگەیشتن لە مەبەستی ڕاستەقینە دەدەن، هەروەها یارمەتیی خوێنەر یان گوێگر دەدات بۆ تێگەیشتن لەو واتایانەی، کە ڕاستەوخۆ دەرنەبڕاون، بەڵکو لەنێوان دێڕەکاندا شاردراونەتەوە، چونکە "هەر زانیارییەکی پێشینە، کەوا چاوەڕوان دەکرێت لەلایەن قسەکەر و گوێگرەوە هاوبەشی پێ بکرێت، یارمەتی گوێگر دەدات، تاوەکو لێکدانەوەیەکی ڕاست بۆ گوتەی قسەکەر بکات" 'مەعروف، 2012، 100' دەوروبەریش دو جۆرە، کە بریتین لە دەوروبەری زمانی و دەوروبەری نازمانی.

بەم شێوەیە دەوروبەر وەك کلیلێك کار دەکات بۆ کردنەوەی گرێی ئەو نادیارییانەی، کە لە زماندا هەن و بەشێوەیەکی سروشتی دروست دەبن، ئەمە ئاماژە بە پرۆسەی تێگەیشتن و لێکدانەوەی زانیاری و واتای شاراوە دەکات،

کە لەڕێگەی هەڵسەنگاندنی دۆخ و ژینگەی دەوروبەر دەردەکەوێت، کە بەکاردەهێنرێت بۆ دەرخستنی مەبەستی ڕاستەقینەی قسەکەر یان تێگەیشتن لە واتای شاراوەی گوتەکان بۆ دڵنیابون لە گەیاندنی پەیامی دروست. بۆ نمونە:
- بە دەنگییەوە هات. ئەو ڕستەیە نادیارە، دەوروبەری نازمانی یارمەتی ڕونکردنەوەمان دەدات:
- کە زانی هاوڕێکەی لە تەنگانەدایە، زو بە دەنگییەوە هات و یارمەتی دا. (واتای هاوکاریکردن)
- کە تەلەفۆنەکەی لێیدا، خێرا بە دەنگییەوە هات و وەڵامی دایەوە. (واتای وەڵامدانەوە)

### 3-3-1: کلتور Culture

کلتور وەك ڕێگایەکی ڕونکردنەوەی نادیاریی بریتییە لە"شێوازی ژیانی گەلێك یان کۆمەڵێکی دیاریکراو، هەروەها جیهان بینی ئەو گەلە یان ئەو کۆمەڵەیە بۆ ژیان دەخاتەڕو" 'فەرەج، 2011، 21'، بەمەش کلتور وەك هۆکارێکی ڕونکردنەوەی نادیاریی لە زماندا، پەیوەندییەکی قوڵ و دانەبڕاویان لەگەڵ زمان هەیە و هەریەکەیان کاریگەریی لەسەر ئەوی تریان هەیە.

کلتوری هەر کۆمەڵگایەك کۆمەڵێك بەها، نەریت، بیروباوەڕ و شێوازی ژیان لەخۆ دەگرێت، کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان و تێگەیشتن لە دەربڕینە نادیارەکان هەیە، لەبەرئەوەی"هەر گەلێك کلتوری تایبەت بە خۆی هەیەو لە سنوری ئەو کلتورەدا، زۆر لە دەربڕینە زمانییەکانی کاردەکەن و واتایان بەپێی هەلومەرجی کلتورەکەیان، مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و هەوڵی گەیاندن دەدرێت" 'فەرەج، 2000، 89'، ئەندامانی کۆمەڵگا لە ڕێگەی ئەو زانیارییە کلتورییە هاوبەشانەوە، کە هەیانە دەتوانن بە ئاسانی لەو دەربڕینانە تێبگەن، کە لە ڕوکەشدا نادیارن یان واتاکانیان شاراوەن، هەروەها کلتور ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دیاریکردنی ئەو سنورانەی، کە دەبێت قسەکەر ڕەچاویان بکات لە کاتی دەربڕینی هەندێك بابەتی هەستیار، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەکارهێنانی دەربڕینی نادیار، چونکە کلتور دیاری دەکات چ شتێک ڕاستەوخۆ بگوترێت و چی بە شێوەی نادیار بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی ڕونکردنەوەی نادیاریی یارمەتی دەدات بۆ تێگەیشتن لەو شتانەی، کە ناکرێت ڕاستەوخۆ باس بکرێن. بۆ نمونە:
- گەڵا، نادیار و لێڵە چونکە لە کلتوری کوردیدا بەواتای گەڵای دار و درەخت و پارەش دێت، بۆ نمونە (گەڵاکە تەڕ بو)، ئایا (گەڵای دار و درەختەکە تەڕبو) یان (پارەکە تەڕبو)، لێرەدا کلتور ڕونیدەکاتەوە، کە جگە لەم واتای دار و درەخت بە واتای پارەش دێت.
- قەڵەم، نادیارە چونکە نازانرێت قەڵەم وەك نەمام یان وەك ئامێرێك بۆ نوسین، بۆ نمونە (دوێنێ چەند قەڵەمێکم لە بازاڕ کڕی) ئایا قەڵەم وەك (نەمام) یاخود وەك (ئامێری نوسین) لە بازاڕ کڕدراوە، لێرەشدا کلتوری کوردی لە ڕێگەی بەکارهێنان و گواستنەوە واتا نادیارەکەی ڕوندەکاتەوە. کەواتە هەر لەڕێگەی دەق و دەوروبەر واتای مەبەست ڕوندەبێتەوە.

### 4-3-1: دیارخەرەکان Determiners

دیارخەرەکان 'ئەو ئامرازانەن، کە بۆ ڕونکردنەوەو ئاماژەکردن بە فرێزێکی ناوی بەکاردەهێنرێن' ' Faure, 2014, 1'، وەك یەکێك لە ڕەگەزە زمانییە گرنگەکان، ڕۆڵیان لە ڕونکردنەوەی نادیاریی لە زماندا هەیە، ئەم ڕەگەزانە، کە بریتین لە ئاماژەکان و ئامرازەکانی دیاریکردن، یارمەتیی بەکارهێنەری زمان دەدەن بۆ دەستنیشانکردنی کەس، شت، شوێن و کاتی دیاریکراو، کاتێك دیارخەرەکان لەگەڵ وشە و دەربڕینەکاندا بەکاردەهێنرێن، سنوری واتای نادیار تەسك دەکەنەوە و ئاراستەی تێگەیشتن بەرەو مەبەستی دیاریکراو دەبەن، گرنگیی دیارخەرەکان لەوەدایە، کە دەتوانن ئەو نادیارییەی لە دەربڕینێکدا هەیە کەم بکەنەوە و یارمەتیی گوێگر یان خوێنەر بۆ گەیشتن بە واتای ڕاستەقینە بدەن.

دیارخەرەكان ڕۆڵێكی تایبەتیان هەیە لە دیاریكردنی چوارچێوەی ئەو واتایانەی، كە لە زماندا دەردەبڕدرێن، كە ڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ شتێك یان كەسێكی دیاریكراو دەكەین و بەمەش نادیارییەكی گەورە لە واتادا نامێنێت، لەلایەكی ترەوە دیارخەرەكان ڕۆڵێكی گرنگیان لە دروستكردنی پەیوەندی لە نێوان ڕستەكاندا هەیە، بۆ نمونە كاتێك لە ڕستەیەكدا باسی شتێك دەكەین و لە ڕستەی دواتردا بە دیارخەرێك ئاماژەی پێدەكەین، پەیوەندییەكی بەهێز لەنێوان ڕستەكاندا دروست دەبێت، ئەمەش یارمەتی زیاتر دەدات بۆ تێگەیشتن لە واتای گشتی و ڕونكردنەوەی هەر نادیارییەك. بۆ نمونە:

- مامۆستا وانە دەڵێتەوە. ئەمە ڕستەیەكی گشتییە و نادیارە كام مامۆستا باس دەكرێت.

- مامۆستای كوردی وانە دەڵێتەوە. لێرەدا (كوردی) وەك دیارخەرێك بەكارهاتوە و دیاری دەكات، كە مەبەستمان مامۆستای بابەتی كوردییە.

- مامۆستای كوردی نوێمان وانە دەڵێتەوە. لێرەدا (نوێ) دیارخەرێكی ترە، ئەم دیارخەرە یارمەتیمان دەدات بزانین كام مامۆستا، چونكە كەسێكی تایبەت لەنێو چەند مامۆستایەك دیاری دەكات.

### 5-3-1: زانیاری هاوبەش Common knowledge

مەبەست لە زانیاری هاوبەش ئەو زانیارییە نەوتراوانەن، كە لەنێوان قسەكەر و گوێگردا هەن یارمەتی ڕونكردنەوەی لێڵی دەدەن، زانیاریی هاوبەش ڕۆڵێكی گرنگ و بنەڕەتی لە ڕونكردنەوەی نادیاریی لە زماندا دەبینێت، لەبەرئەوەی'سنوری زنجیرەیەكی بێكۆتاییە لە بیركردنەوە دەربارەی زانیاری' 'Geanakoplos, 1992, 54 '، چونكە ئەو زانیارییانەی، كە لەنێوان قسەكەر و گوێگردا هاوبەشن، وەك پردێك وان بۆ پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییانەی، كە لە دەربڕینە نادیارەكاندا هەن، ئەم زانیارییە هاوبەشانە لە ڕێگەی ئەزمونی ژیان، خوێندنەوە، پەروەردە و پێكەوەژیانەوە كۆكراونەتەوە، بنەمایەكی پتەو پێكدەهێنن بۆ تێگەیشتنی دروست لە مەبەستی یەكتر، كاتێك قسەكەر و گوێگر خاوەنی زانیاریی هاوبەشی زۆرن دەربارەی بابەتێك، پێویست ناكات هەمو وردەكارییەكان باس بكرێن و دەتوانن بە ئاسانی لە دەربڕینە نادیارەكان تێبگەن.

زانیاری هاوبەش كۆنتێكستێكی گشتی دروست دەكات، كە هەمو بەشداربوان تێی دەگەن، ئەمە یارمەتی دەدات بۆ تێگەیشتن لە دەربڕینە نادیارەكان بەبێ ئەوەی پێویستی بە ڕونكردنەوەی زیاتر هەبێت، لەبەرئەوە یارمەتی بەشداربوان دەدات بۆ پڕكردنەوەی بۆشایی لە زانیارییەكەیاندا بۆ تێگەیشتنی باشتر لە مەبەستی ڕاستەقینە. بۆ نمونە:

- ئەم شارەیان وێران كردوە. لێرەدا قسەكەر و گوێگر دەزانن، چونكە پێویست ناكات بڵێی كام شار لەبەرئەوەی زانیاری هاوبەشە لەنێوان قسەكەر و گوێگردا.

- مامۆستاكە هات. زانیاری هاوبەشی نێوان قسەكەر و گوێگر دیاریدەكات، كە كام مامۆستایەیە. وەكو دەبینین زانیاریی هاوبەشی نێوان قسەكەر و گوێگر نادیارییەكە ڕوندەكاتەوە.

## 2) بەشی دوەم: ڕۆنانی نادیاریی لە چوارچێوەی وشەدا

### 1-2: نادیاریی لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا

نادیاریی لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا بەشێوەیەكی ڕون و ئاشكرا لە چوارچیوەی مۆرفیم و وشەكاندا دەردەكەوێت، بەوەی كە هەندێك لە مۆرفیمەكان چەمك و واتای نادیاریی دروست دەكەن و هەندێك لە وشەكانیش بە هەمان شێوە، بەڵام لەبەرئەوەی سنوری توێژینەوەكەمان تەنیا لە چوارچێوەی وشەدایە، بۆیە ئێمە تەنیا لەو چوارچێوەیە باسی دەكەین.

### 1-1-2: نادیاریی لە چوارچێوەی وشەدا

بە گشتی وشەی نادیار ئەو وشانەن، کە فۆرم یان واتا یاخود چەمکیان نادیارە، فۆرم نادیارەکان بونی فیزیکیان نییە، بەڵام واتا یاخود چەمك نادیارەکان بونی فیزیکییان هەیە، بەڵام چەمك یان واتایان نادیارە، لێرەدا دەیانخەینەڕو:

**1-1-1-2: وشەی فۆرم نادیار**

مەبەست لە فۆرمی نادیاری، ئەوەیە کە وشەیەك دەرکەوتەی فیزیکی نییە، تەنیا ئەرك و چەمکێك دەگەیەنن وەك جێناوە سەربەخۆکان، بۆ نمونە:

- هات، ڕۆیشت، برۆ، بخۆ، ...هتد

لە نمونەی (هات، ڕۆیشت)، واتە (ئەو هات، ئەو ڕۆیشت)، ئەو فۆرمی نادیارە، بەڵام چەمك و واتای هەیە یاخود (برۆ، بخۆ) واتە (تۆ برۆ، تۆ بخۆ)، بەڵام هیچ دەرنەکەوتوە و فۆرمی نادیارە، بەڵام چەمك و ئەرك دیارە.

**2-1-1-2: وشەی واتا نادیار**

مەبەست لە وشەی واتای نادیار ئەوەیە، کە وشەیەك دەرکەوتەی فیزیکی هەیە، بەڵام چەمك و واتایان نادیارە، کە لە خوارەوە دەیانخەینەڕو:

**1-2-1-1-2: چەمکی نادیار**

وشە چەمك نادیارەکان ئەو وشانەن، کە چەمکێکی نادیاریان لە فەرهەنگدا هەیە و سەر بە پۆلی داخراوی وشەکانن، لێرەدا هەندێك لەو جێناو و هاوەڵناوە نادیارانە دەخەینەڕو، کە فۆرم و واتایەکی نادیاریان هەیە، جیناوە نادیارەکان لە جێگەی کەسێك یان کەسانێك بەکاردێن، بەڵام نازانین ئەو کەسە یان ئەو کەسانە کێن، هاوەڵناوی نادیاریش وەسفی کەسێك یان شتێك دەکات، بەڵام بە نادیاری یاخود بڕ و ژمارەی ئەو شتەی باسی لێدەکات دیار نییە.

- جێناوە نادیارەکان وەکو چی، کام، کێ، فلان، فیسار، کەس، هیچ، هین، کابرا، هەندێ، گەلێ، یەکێك، کەسێك، شتێك، کەمێ، فرە، یەك، فلان شت، کەسێ، هینێ، فلانە کەس، هەمو، گشت، بۆ نمونە:

- فلان سەردانی کردم.

- کابرا وانەی نەخوێندوە.

هەریەك لە وشەکانی (فلان، کابرا) جێناوێکی نادیارن، نازانین ئەو کەسانە کێن، خودی فۆرمە نادیاریەکەشیان لە فەرهەنگدایە.

- هاوەڵناوە نادیارەکانیش وەکو هین، بڕێك، زۆر، هیچ، چەند، کەمێك، گەلێك، هەندێك، بڕێ، گشت، فرە، کەم، تر، دیکە، کە، دی، ئاوا، وەها، وا، ئەوەندە، هەر، هەمو، ...هتد بۆ نمونە:

- چەند قوتابیەك بە یەکەم دەرچون.

- هەندێك مامۆستا وانە ناڵێنەوە.

هەریەك لە وشەکانی (چەند، هەندیك) هاوەڵناوی نادیارن، چونکە ئەو بڕ و ژمارەی ئاماژەی پێکردوە نادیارە و بەهەمان شێوەی جێناوە نادیارەکان لە فەرهەنگدا فۆرمێکی نادیاریان هەیە.

**2-2-1-1-2: واتای نادیار**

کۆمەڵێك وشەی سەربەخۆی بێ واتای نارونمان هەن، کە لە ڕۆنانی کرداری لێکدراودا ڕۆڵیان هەیە و وەك وشەیەکی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، بۆ نمونە: فێر، پەیدا، واز، پەك، دەرباز، توش، نقوم، تۆڕ، هان، بەخێو، کلۆر، گوم، بەفیڕۆ، پیشان، تەمێ، فڕی، ...هتد. ئەم وشانە لەگەڵ چەند وشەیەکی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێن و واتایان دەردەکەوێت، چونکە بە تەنیا واتایان ڕون نییە، تا نەکەونە بواری بەکارهێنان و ڕۆنانەوە واتادارنابن ئەم وشانە

پێویستیان بە وشەیەکی تر هەیە تاوەکو واتای تەواو ببەخشن، لایەنێکی ترەوە ئەم وشانە تەنها لەگەڵ هەندێك وشەی دیاریکراو دەتوانن یەك بگرن، وەك:

- فێرکردن، پەیدابون، وازهێنان، پەککەتن، دەربازبون، توشبون، نقوم بون، تۆرهەڵدان، هاندان، بەخێوکردن، کلۆربون، گومبون، بەفیرۆدان، پێشاندان، تەمێکردن، فرێدان، ...هتد. وەك دەبینین ئەو وشە بێ واتایانە ڕۆڵ و کاریگەریان لە کاتی ڕۆناندا دەردەکەوێت، چونکە خۆیان بی واتان و چەمك و واتایەکی نادیاریان هەیە.

## 2-1-2: پۆلێنکردنی وشەی نادیار

لێرەدا ئەو وشە نادیارانە دەخەینەڕو، کە دەتوانن بە تەنیا و بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەکاربهێنرێن، بەڵام چەمك و واتا یان فۆرمی نادیاریان هەیە و لەڕوی پۆلی وشەکانەوە سەر بە پۆلی جیا جیان لەوانە:

### 1-2-1-2: ناوی نادیار Indefinite nouns

ناو وەك بەشە ئاخاوتنێك ڕۆڵێکی چالاك لە زماندا دەبینێت، چونکە هەر شتێك لەدەوروبەرماندا دەبێت ناوێکی بۆ دابنرێت، لەبەرئەوەی هەر دانەیەکی زمانی بۆ ئەرکیکی دیاریکراو و گەیاندنی واتایە، چونکە لە"ڕێزماندا بۆ پۆلکردنی وشەکان بەکاردێت، بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئاماژەکردن بەناوی کەسێك، شوێنێك، یان شتێك بەکاردێت" ' Crystal, 2008, 333'، بۆیە ناوی نادیاری بریتییە لەو وشانەی، کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەردەکەون و بەهۆی نیشانەی نەناسراوی /ێك/ واتای نادیاری لەخۆ دەگرن، ئەم جۆرە ناوانە وەك مۆرفیمی سەربەخۆی نادیاری کار دەکەن و دەتوانن لە شوێنی ناوی ئاسایی لە ڕستەدا بەکاربهێنرێن، چونکە ئەم مۆرفیمە کاتێك دەچێتە سەر وشە، واتای نادیاری و نەناسراوی بە وشەکە دەبەخشێت. بۆ نمونە:- کوڕێك، پێنوسێك، شارێك، شەوێك، سێوێك، ...هتد.

وەك دەبینین، کە ناو بۆ خۆی نابێت بە نادیاری، چونکە هەمیشە ناولێنراوێکی بەرانبەر هەیە، ئەگەر مۆرفیمی /ێك/ی بەسەرەوە نەبێت ئەوا نادیاری دروست نابێت، واتە خودی مۆرفیمی /ێك/ ناوەکە نادیار دەکات و ئاماژە بە بونی شتێك یان کەسێك دەکات، بەڵام هیچ زانیارییەکی دیاریکراو و تایبەت دەربارەی ئەو شتە یان ئەو کەسە نادات، ئەمەش وادەکات، کە ناوەکە وەك یەکەیەکی نادیار و نەناسراو لە وشە و ڕستەکاندا دەربکەوێت نەك لە فەرهەنگدا.

- کوڕێك سەردانی ماڵی دایکی کرد.
- پێنوسێکم بۆ هاوڕێکەم بە دیاری کڕی.

- ڕستەی (کوڕێك سەردانی ماڵی دایکی کرد.)، نادیارییەکە لەوەدایە کە وشەی (کوڕێك) تەنها ئاماژە بە بونی کوڕێك دەکات، بەڵام هیچ زانیارییەکی دیاریکراومان پێنادات دەربارەی ئەو کوڕە، نازانین کێیە، ناوی چییە، تەمەنی چەندە یان چ تایبەتمەندییەکی هەیە، مۆرفیمی /ێك/، کە چوەتە سەر وشەی (کوڕ) واتای نادیاری و نەناسراوی پێبەخشیوە.

- ڕستەی (پێنوسێکم بۆ هاوڕێکەم بە دیاری کڕی.)، وشەی (پێنوسێك) ناوێکی نادیارە، کە تەنیا ئاماژە بە بونی پێنوسێك دەکات، بەڵام هیچ وردەکارییەکی دیاریکراوی ئەو پێنوسەمان پێناڵێت، نازانین چ جۆرە پێنوسێکە، چ ڕەنگێکە، نرخی چەندە یان چ تایبەتمەندییەکی هەیە، مۆرفیمی /ێك/ لێرەشدا واتای نادیاری و نەناسراوی بە وشەکە بەخشیوە.

دەتوانین لێرەدا بە گشتی ئاماژەش بەوە بدەین، کە ناوە گشتییەکان، بەشێوەیەکی گشتی چەمکی نادیارییان هەیە بە نمونە کاتێك دەڵێین 'شار' نازانین کام (شار)، لە ڕستەی (شار خرۆشاوە) نازانین کام شارە، بەڵام کە دیارخەری بۆ دادەنێین واتاکەیان ڕونتر دەبنەوە و دیاردەخرێت و نادیار نامێنن.

### 2-2-1-2: جێناوی نادیار

جێناوی نادیار ئەو جێناوانەن، کە بەکاردێن بۆ کەسێک یان شتێک کە دیار و ڕون نین لای قسەکەر و گوێگر، لە زمانی کوردیدا چەندین جێناوی نادیار هەیە، کە هەریەکەیان بۆ مەبەستێکی تایبەت بەکاردێت، لێرەدا ئەو جێناوانە دەخەینەڕو:

**1-2-2-1-2: جێناوی کەسی سەربەخۆ Independent personal pronouns**

جێناوی کەسی سەربەخۆ لە بنەڕەتدا لە جێگەی ناو دێن و ئاماژە بە تاك و كۆی قسەکەر و گوێگر و نائامادە دەکەنو"ئەو جێناوانەن، کە سەربەخۆ دێنە وتن و دەگونجێت، کە ئاخاوتنی پێدروست بکرێت" 'ئەمین، 2014، 97'، واتە بریتییە لە ئەو وشانەی، کە جێگەی ناوێك دەگرنەوە بۆ ئاماژەکردن بە کەسێك یان کەسانێك، جێناوی کەسی سەربەخۆ لەڕوی پێکهاتەوە سەربەخۆیە و پێویستی بە وشەی تر نییە بۆ تەواوکردنی واتاکەی.

جێناوەکان بەپێی کەس و ژمارە دەگۆڕێن، بۆ نمونە (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان)، هەر یەکێك لەم جێناوانە دەتوانێت لە ڕستەدا وەك بکەر یان بەرکار و ...هتد بەکاربێت، چونکە لەڕوی واتاوە نادیارن، لەبەرئەوەی تەنیا ئاماژە بە کەسێك دەکەن بەبێ دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی، واتە ناتوانین بزانین باس لە چ کەسێکی دیاریکراو دەکات تا لە دەقەکەدا دیاری نەکرێت یان لە دۆخی قسەکردنەکەدا ڕون نەبێتەوە، لەبەرئەوەی بۆ هەمو کەسەکان وەکو یەك بەکاردێن و دیاریکراو نین، بەڵام دەشێت لەنێوان قسەکەر و گوێگردا ئەو جێناوانە دیاریکراو و دیار بن، چونکە ئەمانە خۆیان لە فەرهەنگدا واتایان نادیارە تا لە دەق و دەوروبەرێکدا بەکار نەیەن، بۆ نمونە:

- ئەو هات.
- ئێوەم لە ئاهەنگەکە ناسی.
- ڕستەی (ئەو هات.)، (ئەو) تەنیا ئاماژە بە بونی کەسێك دەکات، بەڵام هیچ زانیارییەکمان دەربارەی ئەو کەسە نادات، نازانین کێیە، چۆنە، تەمەنی چەندە ...هتد.
- ڕستەی (ئێوەم لە ئاهەنگەکە ناسی)، (ئێوە) تەنیا ئاماژە بە گروپێك دەکات، بەڵام نازانین کێن تا لە دۆخی قسەکردنەکەدا یان لە دەقەکەدا ڕون نەبێتەوە مەبەست کێن، کەواتە نادیارییەکە لە نەبونی زانیاری تەواوە دەربارەی ئەو کەسانەی، کە جێناوەکان ئاماژەیان پێدەکات.

نادیاریی جێناوی کەسی سەربەخۆ لەوەدایە، کە تەنیا وەك نیشانەرێکی گشتی کاردەکات بۆ کەس یان کەسانێك، بەڵام هیچ زانیارییەکی تایبەت و وردمان نادات دەربارەیان تا لە دۆخی قسەکردن یان دەقێکدا ڕون نەبێتەوە مەبەست کێیە یان کێن، واتە ئەگەر دەوروبەر نەبێت واتا و چەمکی ئەمانە نادیارە، چونکە هەمو ئەو جێناوە کەسیانە بۆ هەمو کەسێك بەکاردێن، بەڵام دەوروبەر یارمەتی ڕونکردنەوەی ئەوەمان بۆ دەدات، کە من، ئەو، ئەوان، ...هتد کێیە یان کێن.

**2-2-2-1-2: جێناوی نادیارIndefinite pronouns**

هەرچەندە لە ڕاستیدا جێناوە نادیارەکان بە تەنیا و بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەکاردێن، بەڵام بەهێز نین، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی فراوان بەکارهێنانیان کاریگەرە لە ڕێزماندا' Celce-Murcia & Larsen-Freeman, 1999, 53'، چونکە جیناوە نادیارەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان لە زۆربەی زمانەکاندا بەکاردێن، کە ئەمەش گرنگییان لە ڕێزماندا زیاد دەکات، لەبەرئەوە ڕێگە بە قسەکەر دەدەن، کە بەشێوەیەکی گونجاو قسە بکات، بەبێ ئەوەی پێویست بکات زۆر ورد و دیاریکراو بێت، واتە "وشەیەکە لەبری ناوی کەسێك، یان گیاندارێك، یان هەر شتێکی تر بەکاردەهێنرێت، بەڵام ناوەکە بەئاشکرا دیار نییە، کە کێیە و چییە؟" 'لیژنەیەك، 2024، 42'، جیناوە نادیارەکان بریتین لە: کەسێك، شتێك، فڵان، فیسار، کەس، هیچ، هین، کابرا، هەندێ، گەلێ، تۆزێ، برێ، کەمێ، پیچێ، چۆرێ، فرە، یەك، وانەك، هەرامە،

تشتێك، هیچ کەس، فڵان شت، هەندێك شت، هەندێك کەس، هیچی تر، کەسێ، هینێ، فڵانە کەس، هەمو، گشت، هەمو کەسێ، ...هتد، کە هەریەکە لەمانە سەر بە پۆلی داخراوی وشەکانو لە فەرهەنگدا نادیارن. بۆ نمونە:

- فیسار نانی خواردوە.
- فڵان وانەی خوێند.

- ڕستەی (فیسار نانی خواردوە.)، وشەی (فیسار) جێناوێکی نادیارە، کە لەجیاتی ناوی کەسێك بەکارهاتوە، نادیارییەکەی لەوەدایە، کە تەنها ئاماژە بە بونی کەسێك دەکات، کە نامانەوێت ناوی بهێنین یان نایناسین.

- ڕستەی (فڵان وانەی خوێند.)، (یەکێك) جێناوێکی نادیارە، کە ئاماژە بۆ کەسێکی نەناسراو دەکات، نادیارییەکەی لەوەدایە، کە نازانین ئەو کەسە کێیە و چ تایبەتمەندییەکی هەیە، تەنیا دەزانین کەسێك هەیە ئەو کردارەی ئەنجامداوە.

کەواتە نادیاریی لەم جێناوانەدا لەوەدایە، کە ئەمانە وەك یەکەی زمانی سەربەخۆ کاردەکەن، بەڵام بە نادیاریی چونکە لە فەرهەنگدا نادیارن، واتە تەنیا ئاماژە بە بون یان نەبونی کەس یان شتێك دەکەن بەبێ دیاریکردنی هیچ زانیارییەکی تایبەت دەربارەیان، ئەمەش ڕێگە دەدات بە قسەکەر، کە بە شێوەیەکی گشتی و نادیاریکراو باسی کەسەکان یان شتەکان بکات.

### 3-2-1-2: هاوەڵناوی نادیار Indefinite adjectives

ئەم جۆرە هاوەڵناوانە بەکاردێن بۆ وەسفکردن یان دیاریکردنی شتێک بەشێوەیەکی گشتی و نادیار، بەبێ ئەوەی کەسێک یان شتێکی دیاریکراو ئاماژەی پێ بکرێت واتە هاوەڵناوێکە"جۆرو چۆنیەتی، یان ژمارە و بڕی ناوەکە بەشێوەیەکی نادیار دەستنیشان دەکات" 'لیژنەیەك، 2024، 38'، بەمەش یارمەتیمان دەدات بۆ دەربڕینی نادیاریی، واتە ڕێگە دەدات قسەکەر باس لە کەسێك یان شتێك بکات بەبێ دیاریکردنی ئەو کەسە یان ئەو شتە واتە جۆرە هاوەڵناوێکە کەوا"دەلالەت لەسەر شتێکی دیاریکراو ناکات و واتای کەوتوەتە چوارچێوەی عەهدێکەوە" 'مارف، 2014، 38'، چونکە ناتوانرێت دیاری بکرێت مەبەست لە چی و لە کێیە؟ هاوەڵناوە نادیارەکان بریتین لە: هەر، هەمو، چەندین، هین، برێك، زۆر، هیچ، چەند، کەمێك، گەلێك، هەندێك، تۆزێك، بڕێ، گشت، فرە، کەم، ...هتد، هەریەك لەم هاوەڵناوە نادیارانە سەر بە پۆلێ داخراوی وشەکان و لە فەرهەنگدا نادیارن، بۆ نمونە:

- زۆر کەس پێیان وایە.
- چەند کتێبێکم کڕی.

- ڕستەی (زۆر کەس پێیان وایە.)، هاوەڵناوە نادیارییەکە وشەی (زۆر)ە، چونکە ژمارەیەکی دیاریکراو لە خەڵك نیشان نادات، بەڵکو تەنیا ئاماژە بە برێکی نادیاریکراو لە خەڵك دەکات، کە ڕایەکی هاوبەشیان هەیە.

- ڕستەی (چەند کتێبێکم کڕی.)، هاوەڵناوە نادیارییەکە وشەی (چەند)ە، لێرەدا ژمارەی دیاریکراوی کتێبەکان نازانین، تەنها دەزانین، کە زیاتر لە یەك کتێبی مەبەستە.

ئەم جۆرە هاوەڵناوانە گرنگییەکی تایبەتیان هەیە لە زمانی کوردیدا، چونکە دەرفەت دەدەن بە قسەکەر، کە بە شێوەیەکی گشتیو نادیاریکراو باسی کەسەکان یان شتەکان بکات، بەبێ دیاریکردنی ژمارە، بڕ یان کەسی دیاریکراو.

شایەنی باسە هەندێك لە جێناوی نادیار و هاوەڵناوە نادیارەکان تێکەڵ دەبن، بەڵام بۆ جیاکردنەوەیان دەبێت بیانخەینە ڕستەوە، واتە جیاکردنەوەیان لە چوارچێوەی ڕستەدا دەردەکەوێت، بۆیە هەر کاتی لەجێی ناوی کەسێك یان شتێك بەکارهات ئەوە جێناوی نادیارە وەکو (هین نەڕۆیشتوە.)، بەڵام ئەگەر لەگەڵ ناوێك بەکاربێتو وەسفی ناوەکە بکات ئەوا دەبێتە هاوەڵناوی نادیار وەکو (میوەی هین مەخۆ.)

**بە شێوەیەکی گشتی هاوەڵناوی نادیار بەپێی چەمك و مەبەستەکانیان دابەشی دو بەش دەکەین:**

**2-1-2-3-1: هاوەڵناوی نادیاریی جیاکەرەوە**

هاوەڵناوی نادیاریی جیاکەرەوە بەشێوەیەکی بەرچاو لە ئاخاوتن و نوسیندا بەکاردێت، ئەم وشانە وەک پاشکۆیەک دێنو دەچنە دوای وشەکانەوە بۆ جیاکردنەوەی شتێک لە شتەکانی تر، واتە "ئەم کۆمەڵە وشەیە، کە تێکڕایان واتای (Other)ی ئینگلیزیو (اخر)ی عەرەبی دەگەیەنن، هاوەڵناوی نادیاریی جیاکەرەوەن و بەتایبەت لە دۆخی ئیزافەدا دەبینرێن و دەوری دیارخەر دەبینن و بەدوای دیارخراودا دێن، کە دەشێت لە ڕستەدا لە جێگەی یەکتردا بەکاربهێنرێن" 'مارف، 2014، 38'.

ئەم هاوڵناوانە کۆمەڵێك وشەی سەربەخۆن، لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە ناتوانن بۆ کەرتی بچوکتر دابەش بکرێن، کە لەڕوی بەکارهێنانەوە دەچنە پاڵ 'ناو، جێناو، نیشانە، ...هتد'، کە هەمیشە لەدوای ئەو وشانەوە دێن، کە دەیانەوێت جیای بکەنەوە، لەبەرئەوەی ئەرکیان جیاکردنەوەی شتێکە لە شتێکی تر یان نیشاندانی بژاردەی زیاتر و دیاریکردنی جیاوازی لەنێوان دو شت یان زیاتر و بەراوردکردن لە نێوانیاندا، هاوەڵناوە نادیارە جیاکەرەوەکانیش بریتین لە (تر، دیکە، دن، کە، دی). بۆ نمونە:

- پێویستم بە کەسی دیکە نییە.
- لەگەڵ مامۆستایەکی دی سەفەردەکەم.

- ڕستەی (پێویستم بە کەسی دیکە نییە.) نادیارییەکە لە وشەی (دیکە)دایە، لێرەدا باس لە کەسێك یان کەسانێکی تر دەکات، کە دیاریکراو نین و ناناسرێن، بەڵام جیاوازن لەو کەسەی کە لە مێشکی قسەکەر دایە، واتە مەبەست لە هەر کەسێکی ترە جگە لەو کەسەی کە قسەکەر مەبەستیەتی.

- ڕستەی (لەگەڵ مامۆستایەکی دی سەفەردەکەم.) نادیارییەکە لە وشەی (دی)دایە، کە ئاماژە بە مامۆستایەکی تر دەکات جیاواز لەو مامۆستایەی، کە پێشتر باسکراوە یان لە زەینی قسەکەر و گوێگر دایە، لێرەدا ناوی مامۆستاکە و ناسنامەکەی دیار نییە، تەنیا دەزانین کە مامۆستایەکی جیاوازە لەوەی پێشتر.

هەریەك لەم هاوەڵناوە نادیارە جیاکەراوانە نادیارن و نازانین ئەو کەسە یان ئەو شتەی ئاماژەی پێدەکات چییە یان کێیە.

**2-1-2-3-2: هاوەڵناوی نادیاریی دیاریکردن**

ئەم هاوڵناوانە لە زمانی کوردیدا وەك گروپێکی تایبەت لە هاوەڵناوەکان دەردەکەون، کە بۆ دیاریکردنی شێوە و چۆنیەتی شتەکان بەکاردێن، بەڵام بە شێوەیەکی نادیار، واتە ئەو هاوڵناوانەن، کە"سەرپاکیان بە واتای (Such)ی ئینگلیزی دێت، هەروەها هاوەڵناوی نادیاریی دیاریکردن لەزۆری لە دۆخی ئیزافەدا دەبینرێن و دەوری دیارخەر دەبینن و بە دوای دیارخراودا دێن، کە دەکرێت لە جێگەی یەکتر بەکاربهێنرێن" 'مارف، 2014، 41'، ئەم جۆرە هاوەڵناوانە لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە نەگۆڕن، واتە وەك وشەی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و پێشگر و پاشگریان پێوە نییە و لەسەرەتا و ناوەڕاستی ڕستەدا دێن. هاوەڵناوی نادیاریی دیاریکردنیش بریتین لە (ئاوا، وەها، وا، وەهە، ئاوەها، وەسا، وسا، وسان). بۆ نمونە:

- وەها جوانە کەس نەیدیوە.
- کوڕەکە وا دەڕوات.

- ڕستەی (وەها جوانە کەس نەیدیوە.) نادیارییەکە لە وشەی (وەها)دایە، کە ئاستی جوانییەکە دیاری دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی نادیار، لێرەدا قسەکەر مەبەستیەتی بڵێت جوانییەکە لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە، بەڵام ناتوانێت بە وردی دیاری بکات.

- ڕستەی (کوڕەکە وا دەڕوات.) نادیارییەکە لە وشەی (وا)دایە، کە شێوازی ڕۆیشتنەکە دیاری دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی نادیار، واتە شێوازی ڕۆیشتنەکە جیاوازە یان تایبەتە، بەڵام قسەکەر ناتوانێت بە وردی وەسفی بکات.

هەریەك لەم نمونانەی خراونەتەڕو هاوەڵناوی نادیاریی دیاریکردنن، کە ئەرکیان دیاریکردنی شێوە و چۆنیەتی شتەکانە، بەڵام بە شێوەیەکی نادیار، چونکە ئەو کەسەی یان ئەو شتەی ئاماژەی پێدەکەن نادیارە و ناتوانرێت بە وردی دیاری بکرێت.

## 4-2-1-2: هاوەڵناوی کراوی دارێژراو

زمانی کوردی دەوڵەمەندە بە جۆرەها شێوازی دارشتنی وشە، یەکێك لەو شێوازانە هاوەڵناوی کراوی دارێژراوە، کە"پەیڤێکە کردەوەیەکی بەسەردا هاتوەو ئەم کردەوەیە بۆی بوە بە سیفەتێکی هەمیشەیی بەبێ ئەوەی بزانین ئەوەی کردەوەکەی بەسەردا هێناوە کێیە یان چییە، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە، کە ئەم جۆرە هاوەڵناوە دارێژراوە بەزۆری لە چاوگەوە وەردەگیرێت، کە تێپەڕو نادیارن، هاوەڵناوە دارێژراوەکەش وەسفی ناوێك یان جێناوێك دەکات، کە لە پێشیەوە هاتوە" 'لیژنەیەك، 2023، 45'، کە لەڕێگەی زیادکردنی مۆرفیمێکی تایبەت بۆ وشەیەك دروست دەبێت، ئەم جۆرە هاوەڵناوە خاوەنی تایبەتمەندی مۆرفۆلۆژیی تایبەتە، کە بە هۆیەوە واتای نوێی نادیاریی بە وشەکە دەبەخشێت، لەبەرئەوەی 'بکەری تێدا نییە و بەهۆی واتاو بەردەوامی کردەوەکە، ڕوداوەکەی دەکەوێتە سەر و بۆی دەبێتە سیفەتی هەمیشەیی' 'شوانی، 2008، 112'، واتە بکەر و ئەنجامدەری کردەوەکە دیار نییە. بۆ نمونە:

- نوسراو، خوێنراو، خوراو، فرۆشراو، ...هتد.
- شکاو، گریاو، سوتاو، ڕژاو، ترشاو، ...هتد.
- کوشتە، هەڵبژاردە، گوتە، کردە، ...هتد.

نادیاریی ئەم وشانە لەوەدایە، کە کاتێك باس لە وشەیەکی وەك (نوسراو) دەکەین کە لە چاوگی نوسین وەرگیراوە، ئێمە نازانین کێ نوسیویەتی و کەی نوسراوە، واتە بکەری کردارەکە نادیارە، کاتێك دەڵێین (خوراو)، کە لە چاوگی خوران وەرگیراوە تەنیا دەزانین، کە شتەکە خوراوە، بەڵام نازانین کێ خواردویەتی و کەی خوراوە، واتە بکەری کردارەکە نادیارە و کاتەکەشی دیار نییە، هەروەها لە نمونەی وشەی (فرۆشراو)دا کە لە چاوگی فرۆشتن وەرگیراوە، ئێمە تەنیا دەزانین، کە شتەکە فرۆشراوە، بەڵام نازانین کێ فرۆشتویەتی و کەی فرۆشراوە، ئەمەش نادیاریی تێدایە لەڕوی بکەر و کاتەوە، هەمان شت بۆ وشەی (شکاو)یش ڕاستە، کە نازانین چۆنو کەی و بە هۆی چییەوە شکاوە، تەنها دەزانین کە لە ئێستادا لە دۆخی شکاندایە، لە نمونەی (کوشتە، گوتە)دا، ئەم نادیارییە بە شێوەیەکی تر دەردەکەوێت، چونکە ئەم وشانە لە ڕێگەی مۆرفیمی (ە)وە دروستکراون و باس لە ئەنجامی کردارێك دەکەن بەبێ ئەوەی بکەری کردارەکە یان کاتی ڕودانەکەی دیار بێت.

بۆیە دەتوانین بڵێین نادیاریی لەم وشانەدا لە چەند ڕویەکەوە دەردەکەوێت: نەبونی بکەر، نادیاریی کات و بونی کردارەکە بە سیفەتێکی هەمیشەیی بۆ ئەو شتەی کە باسی دەکەین، چونکە بکەر و ئەنجامدەری کردەوەکە دیار نین، کە بە گشتی لە ڕەگی چاوگەوە وەردەگیرێن و مۆرفیمی /-راو، و یان ە/ یان بۆ زیاد دەکرێت .

## 5-2-1-2: هاوەڵناوی کراوی لێکدراو

هاوەڵناوی کراوی لێکدراو وەك یەکێك لە دیاردە گرنگەکانی زمانی کوردی لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا دەردەکەوێت و ئەو هاوڵناوە"پەیڤێکە کردەوەیەکی بەسەردا هاتوە، ئەم کردەوەیە بۆی بوە بە سیفەتی هەمیشەیی، بکەری کردەوەکە دیار نییە، دیارە هاوەڵناوە کراوە لێکدراوەکە وەسفی ناوێك یان جێناوێك دەکات، کە لە پێشەوە هاتوە" 'لیژنەیەك، 2023، 50'، ئەم هاوەڵناوە بەزۆری لە چاوگی لێکدراوی تێپەڕ وەردەگیرێت، چونکە کرداری تێپەڕ بەرکار وەردەگرێت، هەرچەندە دەتوانین لە چاوگی تێنەپەڕی ئەلفی تێنەپەریش وەریبگرین، کە لە ئەنجامی یەکگرتنی دو وشە یان زیاتر و زیادکردنی مۆرفیمی نادیاریی دروست دەبێت، ئەم جۆرە هاوەڵناوە لەڕوی پێکهاتن و واتاوە تایبەتمەندی خۆی هەیە و بەشێکی گرنگە لە سیستەمی وشەسازی زمانی کوردی. بۆ نمونە:

- سەرتاشراو، خەڵاتکراو، بەشخوراو، مافخوراو، دەستبڕاو، ...هتد.
- ماڵسوتاو، سکسوتاو، دڵسوتاو، ...هتد.
- گورگخواردو، خوێن لەبەرچو، خەم خواردو، ...هتد.

سەبارەت بە نادیاریی لە نمونەکاندا، دەتوانین بڵێین، کە لە نمونەی (سەرتاشراو) کەسێك هەیە سەری ئەو کەسەی تاشیوە، بەڵام نازانین کێیە و دیار نییە، واتە کردارەکە کراوە، بەڵام بکەرەکەی نادیارە، بە هەمان شێوە لە (خەڵاتکراو)دا کەسێك خەڵاتی کردوە، بەڵام دیار نییە کێیە، لە (مافخوراو)دا کەسێك یان لایەنێك مافی کەسێکی خواردوە، بەڵام دیسان بکەر نادیارە. لە نمونەکانی وەك (ماڵسوتاو، سکسوتاو، دڵسوتاو)، ماڵەکە سوتاوە، سکەکە سوتاوە، دڵەکە سوتاوە، بەڵام نازانین چۆن و کێ سوتاندویەتی یان بۆچی سوتاوە، لێرەدا نادیارییەکە لە هۆکار و کات و چۆنیەتی ڕودانی کردارەکەدایە، هەروەها لە (گورگخواردو، خەمخواردو)دا، نادیارییەکە لەوەدایە، کە نازانین کەی و لە کوێ گورگ خواردویەتی یان کەی و چۆن خەمی خواردوە، واتە کردارەکە ڕویداوە و بوە بە سیفەتێکی هەمیشەیی بۆ ئەو کەسە، بەڵام وردەکارییەکانی کردارەکە و کاتی ڕودانی نادیارن، چونکە بە هەمان شێوەی هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو بکەر و ئەنجامدەری کردەوەکە دیار نییە.

گرنگە ئاماژە بە ئەوە بکەین، کە هاوەڵناوی کراو و ناوی کراو جیاکردنەوەیان لە چوارچێوەی ڕستەدا دەردەکەوێت، ئەگەر وشەکە وەسفی ناوێك یان جێناوێکی کرد، کە لە پێشیەوە هاتوە ئەوا دەبێتە هاوەڵناوی کراو وەکو (نامە نوسراوەکە باش بخوێنەوە.)، بەڵام ئەگەر ناو یان جێناوی لەگەڵ نەهات ئەوا دەبێتە ناوی کراو وەکو (نوسراوەکە باش بخوێنەوە.)، ئەگەر ئەم ڕستانە بکەین بە بکەرنادیار بەم شێوەیە جارێکی تر نادیار دەبن، چونکە چەمکێکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە ئەویش /را/یە.

- نامە نوسراوەکە باش خوێنرایەوە.
- نامە نوسراوەکە باش دەخوێنرێتەوە.
- نوسراوەکە باش خوێنرایەوە.
- نوسراوەکە باش دەخوێنرێتەوە.

ئەگەر سەیر بکەین دەبینین هەریەك لەم ڕستانە خۆیان نادیارن و نازانین کام نوسراوەیە دەبێت باش بخوێنرێتەوە، کە کراون بە کرداری بکەرنادیار جارێکی تر نادیاربون، کە لە ڕێگەی مۆرفیمی /ر/ی نادیاریو /ا/ بۆ ڕابردو و /ێ/ی بۆ ڕانەبردو دروست بون، چونکە لەم پرۆسەیەدا مۆرفیمەکانی نادیاریی لە پێکهاتەی کرداری بکەر نادریارەکەدا دەرکەوتون.

**6-2-1-2: هاوەڵکرداری نادیار Indefinite adverbs**

هاوەڵکرداری نادیاریی وەك مۆرفیمی سەربەخۆ کار دەکات، ئەم جۆرە مۆرفیمانە ڕۆڵێکی سەرەکیان هەیە لە دیاریکردنو ڕونکردنەوەی چۆنیەتی ڕودانی کردار لە ڕستەدا، واتە"پەیڤێکە یان گرییەکە کاری ڕستە ڕون دەکاتەوە، دەربارەی 'چۆنیەتی، کاتی، شوێنی، چەندی، ڕێکخستن، ...'ی دەردەخات و سنورێك بۆ تەواوکردنی واتاکەی دادەنێت و دەبێتە تەواوکەری کارەکە" 'لێژنەیەك، 2023، 53'، بۆ نمونە وشەکانی وەك (جاروبار، هەندێکجار، زۆرجار، زو زو، زۆربەی کات، ...هتد)، وەك هاوەڵکاری نادیاریی بەکاردێن و نادیارن، لەڕوی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییەوە، ئەم هاوەڵکردارە نادیارییانە دەتوانن بە تەنیا وەك یەکەیەکی سەربەخۆ لە ڕستەدا دەربکەون. بۆ نمونە:

- جاروبار سەردانی دەکەم.
- زو زو لەگەڵ هاوڕێکەم سەیران دەکەین.
- ڕستەی (جاروبار سەردانی دەکەم.)دا، وشەی (جاروبار) هاوەڵکردارێکی نادیارە، کە کاتی ڕودانی کردارەکە دیاری دەکات، بەڵام بەشێوەیەکی نادیار، واتە تەنها ئەوەمان پێدەڵێت، کە کردارەکە هەندێك جار ڕودەدات، بەڵام نازانین بەدیاریکراوی چەند جار یان لە چ کاتێکی دیاریکراودا ڕودەدات.
- ڕستەی (زو زو لەگەڵ هاوڕێکەم سەیران دەکەین.)دا، (زو زو) هاوەڵکردارێکی نادیارە، کە دوبارەبونەوەی کردارەکە دەردەخات، بەڵام بەشێوەیەکی نادیار و بەبێ دیاریکردنی ماوەی نێوان جارەکان یان ژمارەی دیاریکراوی دوبارەبونەوەکان.

کەواتە نادیاریی ئەم هاوەڵکارانە لەوەدایە، کە سنورێکی دیاریکراو و ڕونیان نییەو تەنیا بەشێوەیەکی گشتی و ناڕون باس لەکاتی ڕودانی کردارەکان دەکەن، ئەم نادیارییە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە نەتوانین بە وردی شوێن و چۆنیەتی و کاتی ڕودانی کردارەکان دیاری بکەین.

### 7-2-1-2: کرداری بکەرنادیار Indefinite verbs

کرداری نادیار لە زمانی کوردیدا وەك وشەی سەربەخۆ دەردەکەوێت، ئەم جۆرە کردارانە چەند تایبەتمەندییەکی مۆرفۆلۆژیی گرنگیان هەیە، کە جیایان دەکاتەوە لە کردارە دیارەکان، لەبەرئەوەی وەك کرداری نادیار بەکاردێن و بکەری دیاریکراویان نییە، مەبەستی ئەوەیە، کە یەکێك لە ڕەگەزەکانی کردار ئەوەیە، کە بکەر دەرکرێت بە نادیار، بۆیە پێی دەڵێن کرداری بکەرنادیار، دیارە کە چەند ڕەگەزێك لە کردار هەن، وەك (کات، شوێت، کەس، ڕودان)، بەڵام کەس هەندێك جار دەکرێت بە نادیاریی واتە کەسێك کردارەکەی کردوە، بەڵام نازانین کێیە.

لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە نادیاریی لە چاوگی ئەلفی و یائی بەلابردنی (ن)ی چاوگ و دەنگی پێش نونەکەو زیادکردنی نیشانەی نادیاریی /-ر/، لە چاوگی واوی و تائی و دالییەکانیش بەلابردنی (ن)ی چاوگ و زیادکردنی نیشانەی نادیاریی /-ر/ بۆ قەدی چاوگ، پاشان بۆ کرداری ڕابردو /-ا/و بۆ کرداری ڕانەبردو /-ێ/،'بەرزنجی، 2008، 95-96' بۆ نمونە:

چاوگی ئەلفی: دەهێنرێ، دەکێڵرێ، هێنرا، کێڵرا، ...هتد.

چاوگی یائی: دەنوسرێ، دەبەخشرێ، نوسرا، بەخشرا، ...هتد.

چاوگی واوی: دەدورێ، دەگوترێ، دورا، گوترا، ...هتد.

چاوگی تائی: دەخوازرێ، دەفرۆشرێ، خوازرا، فرۆشرا، ...هتد.

چاوگی دالی: دەخوێنرێ، دەشۆرێ، خوێنرا، شۆرا، ...هتد.

وەك دەردەکەوێت هەریەك لەم کردارانەی، کە لە ڕەگی کرداری ڕانەبردووەوە سازبون نادیارن و بکەر و ئەنجامدەری کارەکە دیار نییە، نادیارییەکە لە هەمو جۆرەکانی چاوگدا (ئەلفی، یائی، واوی، تائی، دالی) بە هەمان شێوە دەردەکەوێت، واتە نازانین کێ کارەکەی ئەنجام داوە یان دەدات. بۆ نمونە کاتێك دەڵێین (دەکێڵرێ، کێڵرا) نازانین کێ کێڵانەکەی ئەنجام

داوە یان دەدات، کاتێك دەڵێین (دەفرۆشرێ، فرۆشرا)، نازانین کێ دەیفرۆشێت یان فرۆشتویەتی بۆ نمونەکانی تریش بەهەمان شێوە بکەر و ئەنجامداری کردارەکە دیار نییەو نازانرێ، کە کێ ئەنجامی داون.

## ئەنجامەکان

## ئەم توێژینەوەیە بەم ئەنجامانەی گەیاندین:

- نادیاریی چەمکێکی فرە ڕەهەندە، واتە نادیاریی دیاردەیەکی زمانییە کە وشە، دەستەواژە یان دەربڕینەکان ئاماژەیەکی ناڕون و نادیاریان لەنێوان قسەکەر و گوێگردا هەیە، کە دەکرێت لە پەیوەندیکردندا بە مەبەست یان بێ مەبەست بێت.
- نادیاریی لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە لە چوارچێوەی وشە و مۆرفیمە نادیارەکان دەردەکەوێت و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پەنهانکردن و شاردنەوەی هەندێ لە مەبەستە نەوتراوەکان.
- ناوی نادیار بە هۆی مۆرفیمی /ێک/ دروست دەبێت و ئاماژە بە بونی کەسێک یان شتێك دەکات بەبێ دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەو کەسە یان ئەو شتە وەک یەکەیەکی سەربەخۆ لە ڕستەدا دەردەکەوێت، بەڵام ناو خۆی نادیار نییە، چونکە هەمو ناوێك ناولێنراوێکی بەرانبەر هەیە، کاتێك /ێك/ی دەچێتە سەر نادیار دەبێت.
- جێناوی نادیار وەک یەکەی زمانی سەربەخۆ بەکاردێن لە فەرهەنگدا نادیارن‌و ئاماژە بۆ کەس یان شتێکی نەناسراو دەکەن، هاوەڵناوی نادیاریش وەسفی کەسێك یان شتێك دەکات، بەڵام بە نادیاریی، هەردو جۆرەکە سەر بەپۆلی داخراوی وشەکان و لە فەرهەنگدا نادیارن.
- جێناوی کەسی سەربەخۆ وەك (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان) بەبێ دەوروبەر واتایان نادیارە، چونکە تەنیا ئاماژە بە کەسێك یان کەسانێك دەکەن بەبێ دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانیان، بۆیە پێویستیان بە دۆخی قسەکردن یان دەق بۆ دیاریکردنی مەبەست هەیە.
- جیاکردنەوەی هاوەڵناوی کراو لەگەڵ ناوی کراو ئەوەیە، کە هاوەڵناوی کراو وەسفی ناو یان جێناوێک دەکات، ناوی کراو بەبێ ناو یان جێناو بەکاردێت هەردوکیان لە چوارچێوەی ڕستەدا جیادەکرێنەوە.
- وشەی نادیار یان بە سروشتی خۆیان چەمکێکی نادیاریان هەیە، وەکو جێناوی نادیار یان لەڕێگەی پرۆسەیەکی مۆرفیم لکاند چەمکەکەی بۆ زیاد دەکرێت وەکو ناوی نادیار، واتە وشە نادیارەکان یان بە فەرهەنگی نادیارن یان بە پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی نادیار دەکرێن.
- لەنێوان پێکهاتەکانی وشەدا هەندێك جار ڕەگەزی فۆڕم نادیار دەبێت و هەندێك جار ڕەگەزی واتا، بەڵام لەنێو پۆلە وشەکاندا بەزۆری واتا نادیار دەبێت، کەمتر فۆڕم دەوێتە بەر نادیاریی.

## سەرچاوەکان


ئەمین، نوری عەلی (2014)، ڕێزمانی کوردی، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

احمد، حسن احمد (1976) ڕێزمانی کوردی بە کوردی و بە عەرەبی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی دار الجاحض، بەغداد.

أمین، نوری علی (1956) قواعدی زمانی کوردی لە صرف و نەحودا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی مەعالاف، بەغداد.

بەرزنجی، فەرەیدون عبدول (2008)، نادیاری- لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردییە لەنێوان دو زاری کوردیدا، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی.

تۆفیق، قەیس کاکل (2002) پەیوەندییەکانی نێو دەق، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

تۆفیق، لیمۆ محمود (2012)، دەربڕینی چەمکی دیاریکردن و ئاشکرانەکردنی ناو لە کوردی و چەند زمانێکی هاوگروپی خۆی و دور لێوەی، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

خۆشناو، نەریمان عبدوڵلا (2014) ڕستەسازی، چاپی دوەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
ڕەسوڵ، بابەڕەسوڵ نوری (2017)، چەمکی نادیاری لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵێ چوارەم، ژمارە (11)، تەموزی 2017.
شەمس، هێمن عبدولحەمید (2018) پەیوەندی و کارلێکی زمان و بیر (تابۆی سێکسی بە نمونە)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی 22، ژمارە 3، ساڵی 2018.
شوانی، ڕەفیق محمد (2008)، ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن (لێکۆڵینەوەیەکی وشەسازییە بە ڕێگای داڕشتن و لێکدان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.
علی، تاڵیب حوسێن (2014) زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
عمر، کەنار یاسین و صالح، سەلیم ڕەشید (2022) شەرم و ترس و دڵەڕاوکێ لە ڕۆمانی (لاکێشە ڕوناکەکان)، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین، بەرگی 26، ژمارەی 2.
فەرەج، شاخەوان جەلال (2011) تابۆ وەك نمونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
فەرەج، هۆگر محمود (2000) پراگماتیك و واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
قادر، صباح رشید (2000)، هاوبێژی و فرەواتایی لە (گیرەك)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە (2023)، زمان و ئەدەبی کوردی، چاپی شازدەیەم، بۆ پۆلی یازدەیەمی ئامادەیی، حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، وەزارەتی پەروەردە.
لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە (2024)، زمان و ئەدەبی کوردی، چاپی حەڤدەیەم، بۆ پۆلی دەیەمی ئامادەیی، حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، وەزارەتی پەروەردە.
لیژنەی زمان و زانستەکان (2011) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپی دوەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
مارف، ئەورەحمانی حاجی (2014) فەرهەنگی زاراوەی زماناسی، چاپی دوەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
محەمەد، دارا حمید (2010) واتاسازی - هەندێك لایەن لە سیمانتیك و پراگماتیکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.
مەعروف، ئارام عبدالواحید حمەڕەشید (2012) ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا (لێکۆڵینەوەیەکە لە بواری زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا)، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
(Speda,08/03/2025, 11:25 AM)
(Gali Kurdistan, 09/03/2025, 07:50 PM)
ارژنگ، غلامرضا (١٣٧٤) دستور زبان فارسی امروز، چاپ دوم، نشر قطره، تهران.
شاد، شاهین احمدی (1389) دیکشتری زبان شناسی همگانی، تهران.
شقاقی، ویدا (1394) فرهنگ توصیفی صرف، چاپ اول، چاپخانه رامین، مرکز پخش انقلاب، تهران.
معین، محمد (1381) فرهنگ معین، جلدی دوم، چاپ چهارم، چاپخانه پارس نوین، انتشارات ادنا، تهران.
البغا، مصطفی و مستو، محی الدین (1418) واضح في علوم القرآن، الطبعه الثانیه،دار الکلام الکوتوب الطباعه والنشر و التوزیع، حلبونی-دمشق.
الجوهری، اسماعیل بن حماد (1429) معجم الصحاح قاموس عربی-عربی، الطبعه الثالثه، جمیع حقوق الملکیه الادبیه والفنیه محفوضه لدار المعرفه بیروت، لبنان.
المرغی، محمود احمد حسن (1411) فی البلاغة العربیة علم البدیع، الطبعة الاولی، دار العلوم العربیه، بیروت، لبنان.
بن فارس، أبو الحسین أحمدبن زکریا (1429) مقاییس اللغة، مجلد واحد، دارا الحدیث، القاهرة.
مالك، صدیق احمد (1426)، المبهم فی القران الکریم وأثره فی التفسیر Http: // web cache.googleusevocontent.com
Abbott, B (2006) The Handbook of Pragmatics, 1st Edition, Blackwell, published Ltd, United Kingdom.
Almahameed, Yazan Shaker and others (2022) The Use of Passive Voice in News Reports for Political Purposes Journal of Language Teaching and Research, Vol. 13, No. 6, pp. 1196-1202.

Celce-Murcia, Marianne and Larsen-Freeman, Diane (1999) The Grammar Book: An ESL/EFL Teacher's Course, (2nd edition), January 1999 - Volume 3, Number 4.

Crystal, D (2008) A Dictionary of linguistics and phonetics, 6th Edition, Black well publishing.

Faure, R (2014) Determiners, Encyclopedia of ancient Greek language and linguistics, Brill.

Geanakoplos, J, (1992) Common Knowledge, *Journal of Economic Perspectives - Volume 6, Number 4 - Fall 1992 - Pages 53 - 82*.

Green G (1996). Pragmatics and Natural Language Understanding. 2nd Edition, Taylors-Francis Group, New York and London.

Hornby, A.S (2005) Oxford Advanced Learner's Dictionary of current English, 7th Edition, Oxford university press.

Leech, G.N (1983) Principles of Pragmatics, First Edition, Routledge, London.

Macagno, F and Walton, D (2014) Emotive language in Argumentation, First Edtion, Cambridge university press.

Matthews, P. H (2003) Oxford concise Dictionary of linguistics, Oxford university press.

Pearsall, J (2001) Concise oxford English Dictionary, 10th Edition, Oxford university press.

Ren, C and Yu, H (2013) Euphemism from sociolinguistics perspective, Provided by CSCanada.net: Journals (Canadian Academy of oriental and occidental culture, Changchun university of science and technology.

Trask, R. L. (1992) A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics, First Published, Routledge, London and New York.

Williamson, T (1998) Vagueness, 1st published, Routledge, London.